Komala Party - Iranian Kurdistan

Abroad Committee

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی

کوردستانی ئێران

---

دوای دیتنی ئەو نامەیەی سکرتاریات، لە سەرەتاوە، ئێمە نامەیەکمان بۆ کۆمیتەی ناوەندی نوسی وداوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەمان کرد .دواجار لە کۆبونەوەیەکدا کە لەگەڵ هەیئەتی کۆمیتەی ناوەندی( هاوڕییان عەبدوڵا موهتەدی و حەمەی میسری )سەبارەت بە بابەتێکی دیکە بومان، داوای دووبارەمان کرد کە ئەو بڕیارە هەڵوەشێننەوە و نامەکەیان وەرگرنەوە و داوای لێبوردن لە هاوڕێ کاوەی موهتەدی بکەن .

بە داخەوە ئەو دو هاوڕێیە سەرەڕای ئیسراری ئێمە سور بون لە سەر ئەو بڕیارە و وەڵامی نایان بە ئێمە داوە .

سەرئەنجام چەند ڕۆژ لەوە پێش نامەیەکمان لە کۆمیتەی ناوەندیەوە بۆ هات کە باسی لەوە دەکرد کە بڕیاری سزای تەشکیلاتی هاوڕێ کاوە موهتەدی هەڵناوەشێننەوە.

دوای بە ئاکام نەگەیشتنی ئەو هەوڵانە، ئێمە ڕێگایەکمان بۆ نەماوەتەوە غەیری ئەوەی کە ئیعترازی خۆمان بەو بڕیارە کە ناتەبایە لەگەڵ ئەساسنامە و سونەتەکانی کۆمەڵە لەگەڵ هاوڕێیانی ئەندام بێنینە گۆڕێ.

- دوایین ئەساسنامەی کۆمەڵە کە تا ئێستاش ڕەسمیەتی هەیە ئەوەیە کە لە کۆنگرەی دوازدەدا پەسند کراوە .سزای تەشکیلاتی هاوڕی کاوە لە سەر بناغەی هیچ بەندێکی ئەو ئەساسنامەیە نیە.

- ڕێز دانان و پەیرەو کردنی ئەساسنامە لە پێش هەمو کەسدا ئەرکی کۆمیتەی ناوەندیە، بە داخەوە لێرەدا دەبینین کە ئەوە خودی کۆمیتەی ناوەندیە کە ئەساسنامەی ژێر پێ ناوە و بە ناحەق ئەندامێکی کۆمەڵەی سزا داوە.

- هەمو ئەندامێکی کۆمەڵە مافی ئەوەی هەیە چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی حیزب بیری جیاوازی خۆی لە ئاست سیاسەتەکانی حیزبەکەی بە شێوەیەکی سیاسی دەربڕێ .لە هێچ جێگایەکی ئەساسنامەی کۆمەڵەدا نە نوسراوە کە ئەندام دەبێ لە سەر دەربڕینی بیر و بۆچون سزا بدرێ .دەربڕینی نەزەر یان ئازادی بەیان، دەیان ساڵە وەک مافی مرۆڤ بە ڕەسمی ناسراوە ئایا دەگونجێ لە کۆمەڵەدا ئەندام لەسەر دەر بڕینی بیر و ڕا سزا بدرێ!!

●ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەو بەشە لە ڕەخنەی هاوڕێ کاوە لە کۆنفرانسی پراگ کە موخالەفەتە لە گەڵ " بیانیە پایانی " ئەو کۆنفرانسە، دواجار دەبێتە بابەتی ڕاگەیاندنێک کە هەر ئەو سکرتاریاتە حەولیدا خۆێ " نوێنەرانی کۆمەڵە " لە ژێر باری بەرپرسایەتی ئەو " بیانیە پایانی " بێنێتە دەرێ .سەبارەت بە مانگرتوانی کوردی گرتوخانەکانی تورکیەش هەر بەو چەشنە، هاوڕێ کاوە ڕەخنە لە بێدەنگی هەمو حیزبە سیاسیەکانی کوردی ڕۆژهەڵات دەگرێ، کە هەر وەک دیتمان کۆمەڵەی شۆرشگێر و حیزبی دێمۆکرات دواجار لەو بابەتەوە ڕاگەیاندنی هاوبەشیان دا.

●لە بەر ئەوەی هیچ پاساوێکی ئەساسنامەیی بە پێی ئەساسنامەی کۆنگرەی دوازدە بۆ ئەو

سزایە نابیندرێ، بۆ ئێمە ئەو گومانە هاتۆتە پێشێ کە ئەو کردەوەیەی کۆمیتەی ناوەندی سەرەتای گرتنە پێشی شێوازێکی نوێ لەگەڵ ڕەخنەگرانی نێوخۆیی بێ کە لە جیاتی دیالۆگ بیەوێ پەنا بەرێ بۆ سزای تەشکیلاتی و هەڵ پەساردن و دەر کردن.
ئەوش دەقی دو کامێنتەکەی هاوڕێ کاوەی موهتەدیە کە لە سەری سزا دراوە.
بە سپاسەوە:

1.فریشتە گوڵپەروەر
2 .خالید سیادەت
3 .بەهمەن عەلیار
4 .ماجید پاشایی
5 .جەعفەر ئێلخانیزادە
6 .بەدری تەوحیدی

2012-12-23